# لەم یەکی ئایارەدا جەیشی ئەنساری کۆمۆنیزم یەکگرن!

گۆران عەلی

یەکی ئایار رۆژێکی ئاسایی نییە ، رۆژی هاوپشتی و هاتنەمەیدانی جیهانی چینی کرێکارە لە دژی سەرمایەداری ،رۆژی دەرکەوتنی شەبەحی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکارە ، رۆژی نیشاندانی گۆشەیەکی بچوکی ئەو شۆڕشە جیهانییەی کرێکارە ، کە سەرمایەداری و پارێزەرانی ، بورژوازی و قەڵەم بەدەستانی ، ئەو شۆڕشە بە خەون و خەیاڵ و بە دینەهاتوو پێناسە دەکەن! ئەم رۆژە سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە کە شۆڕشی جیهانی کرێکار نەک هەر ئیمکانی هەیە، بەڵکو حەتمییە ، کرێکاران وەک ئەمرۆ دەتوانن ژیان بوەستێنن و شۆڕش ڕابگەیەنن ، مەکینەکانی بەرهەمهێنان بکوژێننەو لە تەواوی دونیادا مشتێک بەرهەم نەچێتە سەر سەروەت و سامانی کۆمەڵگا.

لەم رۆژەدا، ساڵانە دوو کۆمەڵەو دەستەو تاقم پێشوازی لە یەکی ئایار دەکەن و گوتاری سیاسی و چینایەتی خۆیان ئاراستەی چینی کرێکارو کۆمەڵگا دەکەن:

**یەکەم : پارت و هێزە نەتەوە پەرست و ئاینییەکان و ناسیونال چەپەکان**

ئەم کۆمەڵە لەم رۆژەدا ،یان بێدەنگی هەڵدەبژێرن (واتە بە بێدەنگی پێشوازی لە یەکی ئایار دەکەن!) یان لە تایبەتمەندییە جیهانی و چینایەتیەکەی دایئەتەکێنن و دەیکەن بە رۆژی کرێکاری کوردو عەرەب و فارس و موسڵمان و ....هتد ، یان لە باشترین حاڵەتدا دەیکەن بە رۆژی جەژن و ئاهەنگ و هەڵپەرکێ و بەمەش داخوازیە کرێکارییەکان بۆ باشترکردنی هەل و مەرجی ژیان و گوزەرانی کرێکاران لە ناو دەنگی مۆسیقاو زرمەی هەڵپەریندا گوم دەبێت!

**دووەم : پارت و هێزە کۆمۆنیست و چەپەکان**

پێشوازیکردن لە یەکی ئایار ،زیاتر بەم کۆمەڵەدا دەناسرێتەوەو ساڵانە کۆمۆنیست و چەپەکان بۆ پێشوازی لە یەکی ئایار شەقام و دیوارەکان بە رەنگی ئایار سور دەکەن و دروشم و داخوازیە کرێکارییەکان دەدەن لە بەرۆکی شەقامەکان ، لە نێو گوڵزاری دروشمەکاندا شاگوڵی (کرێکارانی جیهان یەکگرن !) دەشەکێتەوە ، دوای ئەوەش مەراسیم و خوێندنەوەی بەیاننامە حەماسییەکان کە دیسانەوە بە دروشمی (کرێکارانی جیهان یەکگرن!) دەست پێئەکات و بە ناو لێکدانەوەیەکی کورتی هەل و مەرجی سیاسی جیهان و ناوچەکەو خستنە ڕووی داخوازی و بڕیارنامە کرێکاریەکاندا گوزەر دەکات و بە دروشمی بژی کۆمۆنیزم و بژی حیزب و بژی ....کۆتایی پێدێت.

دیارە من لە پێویستی و گرنگی ئەم سونەتە سیاسییە چینایەتییە کەم ناکەمەوەو لەم پێناوەشدا هەڵسوڕاوم و ماندوو بووم ، بەڵام دەمەوێت لەم ئایارەداو لەم ووتارەدا لە سەر دەستپێکی هەموو دروشم و ووتارە سیاسییەکان ،واتە (کرێکارانی جیهان یەکگرن!) گوتارو داخوازی جیاوازم هەبێت و لە بری داوای (کرێکارانی جیهان یەکگرن!) داوای (مارکسیستەکانی کوردستان..عێراق..ئێران..ناوچەکە ،یەکگرن!) و دواتر لە هەوڵی یەکگرتندا بن لە گەڵ کۆمۆنیستەکانی جیهان و خەمی یەکگرتنی کرێکارانتان نەبێت ! ئاخر هاوڕێیان هێزێکی سیاسی ناوچەیی و لۆکاڵی ناتوانێت داوای یەکگرتنی کرێکارانی جیهان بکات لە کاتێکدا خۆی دروشمی (مارکسیستەکان بڵاوەی لێبکەن!) پراکتیزە بکات ، بە گەرووی مەحفەلیزم و پەرتەوازەیی سرودی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکارانی جیهان یەکگرن ! ناچڕدرێت ، بە ژێ پچڕاوو لە بەریەک هەڵوەشاوەکانی

**ئێستای بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەم سروودە لێنادرێت ! ناکرێت داوای یەکگرتنی کرێکارانی جیهان بکەیت بەڵام کۆمۆنیست ومارکسیستەکانی وولاتێک هیچ خاڵێکی هاوبەش یەکیان پێناگرێت!!**

**یەکێک لە سەیرو سەمەرە سیاسی و سەربازییەکانی ئەم دوواییەی کۆمەڵگای عێراق ، سەرهەڵدان و دروست بوونی هێزێکی تیرۆریستی ئیسلامی بوو بە ناوی (جیش انصار السنه/ کتیبه علی بن ابی طالب) بوو ، زۆربەمان لە کەناڵەکانی جزیره و عەرەبیه ئەم هێزەمان بینی ، دەنگ و باسی ئەوەش هەبوو کە لە شاری نەجەف (جیش انصار الشیعه/ کتیبه عمر بن الخطاب) دروست بووە ، مەبەستم لەم دوو نموونە ئەوەیە کە سەرەڕای جیاوازی قوڵ و مێژووی دووروو درێژی ڕکەبەری و ململانێ لە نێوان هەردوو باڵی شیعەو سونەدا کەچی بۆ دەربڕینی هاوپشتی بۆ یەکترو پاراستنی ستراتیژی هاوبەش کە ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامە ، لایەنگرانی سونە کەتیبەیەکی خۆیان ناو دەنێن علی بن ابی طالبی سیمبولی شیعەو لایەنگرانی شیعەش بە پێچەوانەوە کەتیبەکەی خۆیان بە ناوی سیمبولی سونەکانەوە ، دەنێن !**

**پرسیاری من ئەوەیە ئایا سیناریۆی تاریک و ئیسلامیزە کردنی عێراق و ناوچەکە کە ئاکامی کزبوونی ئەستێرەی مارکسیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە، هێشتا بەو ڕاستییەی نەگەیاندووین کە جەیشی ئەنصاری کۆمۆنیزم/کەتیبەکانی ڕێبوار و احمد و سمیر و کۆرش و حمید و ئیرەج و ابراهیم و ....هتد ، بۆ دیفاع لە ستراتیژی هاوبەشی کۆمۆنیزم یەکگرن ! یان لانی کەم بۆ پاراستنی فەزایەکی سیاسی کە هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی و یەکسانیخوازانەی تیادا مسۆگەر بێت نەک بە پێچەوانەوە ،کاری هاوبەش و هاوسەنگەری سیاسی لێکمان نزیک بکاتەوە ! من لە ووتارێکی تردا لە سەر ئەم بابەتە باسی ئەوەم کردووە کە ناکۆکی کەتیبەکانی کۆمۆنیزم نیو هێندەی ناکۆکی باڵەکانی ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی نابێت و بە ڕادەیەکیش لە یەک نزیکن کە ناوو ئیمزای بەیاننامەی ئەم ڕێکخراوو حیزب لێبکەرەوە بۆ ئەو ڕێکخراوو حیزب دەگونجێت! (خوێنەری ووریاو مارکسیستی واقع بین دەتوانێت لەم یەکی ئایارەدا ئەو بەراوردە بکات لە نێو بەیاننامەکاندا) بەڵام هێشتا هۆشیار نین بەو پەراوێزییەی کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی تیادایەو پێمان وایە بەرەکەتەکانی جیابوونەوە هێشتا زیاترە لە کاری هاوبەش !**

**بیانووەکانی ئەم یەکنەگرتن و هاوبەشی نەکردنە لە کارو چالاکی سیاسیدا هەر هەمان ئەو بیانوو سیاسەتی بە کەم زانینەیە کە پارتە ناسیونالیست و ئیسلامییەکان لە بەرامبەر هێزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا پەیرەوییان لێکردووە! واتە هەمان قوماش کە بە باڵای خۆمانی دەبڕن ئێمەش بە باڵای یەکتری دەبڕین وەک : ئێوە کەمن ، 15 کەسن ، هیچ نین ، جەماوەری نین ، تەریک و نامۆن بە کۆمەڵگاو لە پەراوێزدان ! لە کۆمەڵگادا نین و تەنها لە بەرامبەر ئێمەدا بوونتان هەیە! حیزبی گەورە بە بچوک وا دەڵێت ، ڕێکخراوی بە قەبارە ، ڕێکخراوی بێقەبارە وا تۆمەتبار دەکات ! خۆ ئەگەر جارێک حیزب و ڕێکخراوی بە قەبارەگەورەتر کەرەمی کردو فەلسەفەی کاری هاوبەشی پەسەند کرد ئەوا بەو مەرجە پەسەندی ئەکات کە قەبارە بچوکترەکان خۆیان وەک پەشمەک بتوێننەوە لە ناو ڕێکخراوو حیزبەکەیانداو هەموو سەربەخۆیی خۆیان بدۆڕێنن بە پێچەوانەشەوە ڕێکخراوو حیزبە بچوکترەکانیش بەو مەرجەوە کاری هاوبەش پەسەندە لایان کە حیزب و ڕێکخراوی گەورەتر خۆی وەک لۆکە هەڵوەشێنێتەوەو دیسانەوە دانیشنەوە کورسیەکانی دەسەلات بەشکەنەوە،وەک بڵێی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە سەرو بەندی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیدایە نەک لە سەرو بەندی خلۆر بوونەوەدایە بۆ پەراوێزی ململانێ سیاسیەکان و ترسی لە دەستدانی زەمینەی هەڵسوڕانی سیاسی ئازادیخوازانەو یەکسانیخوازانە لە ئارادایە !**

**هاوڕێیان ئەگەر چاوپۆشی بکەین لەو ڕاپۆرتە تەزویرو چەند لاپەڕەییانەی کە (خوارکردایەتی) بە موبالەغەوە دەینوسێت بۆ سەرکردایەتی سیاسی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی سەبارەت بە نفوزی کۆمەڵایەتی و چالاکیەکانی حیزب و ڕێکخراو ، هەروەها ئەو خۆشباوەڕی و حەماسەتەی کە سەرکردایەتی بۆ خوارکردایەتی دروست دەکات سەبارەت بە میتۆدی هێزی یەکەم و سێیەم و حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵگا ، ئەوا دەکرێت بڵێین کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە جێگایەکدایە بەخێڵی پێنەبرێت و کێشمەکێش و ڕووداوە سیاسیەکان هەموو ڕۆژێک بە بێ دەورو نەخش و دەست وپەنجەی مارکسیست و کۆمۆنیستەکان دەچێتە پێش ، هەر ئێستا لە عێراقدا سەیر کەن ، سەیری ئاهەنگی بەخشینی وەزارەتەکان بە شیعەو سونەو بانگکردنەوەی کۆنە بەعسیەکان و .........هتد**

**سەیری ئەو بەڵێنانە بکەن بە سونەو بەعسیەکان دەدرێت کە لە داڕشتنەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا نابێت پشتگوێ بخرێن ! ئەوەی لەو ئاهەنگ و بەڵێنانەدا پەراوێز کراوە کەتیبە پەرش وبڵاوەکانی کۆمۆنیزمە ! دیارە من مەبەستم ئەوە نییەو ئەوەش ناخوازم کە هێزەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە حکومەتی ئیسلامیزە کردنی عێراقدا بەشدارییان هەبێت ، یان چاوەڕوانی وام نییە کە دوژمنە سەرسەختەکانی کۆمۆنیزم وەزارەت بدەن بە هێزەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ، بەڵکو من لەوە نیگەرانم کە لە سبەینێی سەقامگیرکردنی دەسەڵات و داڕشتنەوەی دەستوری هەمیشەییداو لە ئاکامی ئەم پەرش و بڵاوییەی جوڵانەوەی کۆمۆنیستیدا ، قاچاغ کردنی مارکسیستەکان و هەموو هەڵسوڕانێکی یەکسانیخوازانەو ئازادیخوازانە ببێتە بڕیارو یاسا !! کەواتە بۆ ئەوەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ببێتە دەنگێک لە ئێستادا ببیسترێت و ئایندەی لێدانەخرێت پێویستی بەم یەکگرتن و کاری هاوبەشە هەیە ، ئەگەر نا حاڵی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی خاس نایەژێت !!**

**ئایاری** 2005
goranmad@hotmail.com